**ژماره :106**

**بەروار:2022/10/16**

**ووتەی هەفتانە**

**بەتێپەڕبوونی ساڵێك لە ئەنجامدانی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 10 تشرینی یەکەمی2021 ، بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان لە رووی ووردبینی رێکارەکان وشەفافیەت ویەکسانی وبێ لایەنی ، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە رێکەوتن وهاوکاری لە گەڵ وەزارەتی پیشەسازی /کۆمپانیای کشتی پیشەسازی بترۆکیمیاوی / کارگەی کەلوپەلەکانی قوتابخانەکان وکۆمپانیای عێراقی پیشەسازی وبازرگانی مقەبا وکەلەپەلەکان / بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی پەڕاوەکانی دەنگدان وفۆرمە بەکارهێنراوەکان وئەو فۆرمانەی کەوا بەکارنەهێنراوە بۆ سوودوەرگرتن ، پاش دابەشکردنیان لە چەند پرۆگرامێك بۆ ئەم مەبەستە ، هەروەها پاراستنی داتا وئامارەکانی تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان .**

**هەروەها بە ئاراستەکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەگرنگی پەیوەندی کردن لە گەڵ دەنگدەران بە هەموو جۆرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی عێراقی وهەموو لایەکیان بۆ مسۆگرکردنی مافەکانیان لە هەردوو پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری و وەرگرتنەوەی کارتی بایۆمەتری هەڵبژاردنەکان ، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان هاوکاری کاری کردوە لە گەڵ دەستەی میدیا وپەیوەندیەکان ، بە مەبەستی ناردنی ژمارەی خۆرایی (5667) کۆمیسیۆن بە نامە بۆ هەموو هاوڵاتیان کۆمیسیۆن تایبەتی کردوە بەزمانی عەرەبی وکوردی وتورکمان.**

**پاش ئەوەی کۆمیسۆنی باڵی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دووبارە دەستی پێکردەوە بە پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنەوەی کارتی دەنگدەر لە بەرواری 2022/3/20 کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان (**332.244**) دەنگدەر تۆمارکراوە ، و (151.030 ) کارتی جۆراوجۆری دەنگدانی بایۆمەتری دابەشکراوە (71.042) دەنگدانی گشتی دابەشکردوە و( 402.993) کارتی تایبەت و هێزە ئەمنیەکان وجەکدارەکان دابەشکردوە ، بۆ ئەوانەی کەوا گرنگی دەدەن بە هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی فەرمی کۆمیسیۆن بکەن** https://ihec.iq/biometric-registration **بۆ بینینی رێژەگشتیەکانی پرۆسەکان بۆ هەردوو پرۆسەکە تۆمارکردن ودابەشکردنی بایۆمەتری .**

**هەروەها لە هەمان باریەوە کۆمیسیۆن لە بەر گرنگی دان بە پەیوەندی کردن لە گەڵ جەماوەر ورای گشتی عێراقی ، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان هەڵدەستا بە پێکهێنانی فەرمانگای ڕاگەیاندن وپەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە لە ریگای پارکۆدی تایبەت** (QR) **بۆ سوودورەگرتن لە چۆنێتی بەڕێەوە چوونی کار و چالاکێکانی کاری هەڵبژاردنەکان .**

**ووتەبێژی ڕاگەیاندن**